


# ئەمڕۆ 7 نۆڤەمبەر یادی 88 ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرز ڕاگیرا

عەلی مەحمود محەمەد

**2005-11-7**

ئەمڕۆ دوو شەممە یادی **88** ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر , لە هەموو هەرێمەکانی ڕوسیای فیدراڵ (**1000** خۆپیشاندان) و ئۆکرانیاو زۆربەی ولاٌتانی سەر بە سۆڤییەتی جاران بەرز ڕاگیرا .

شۆڕشی ئۆکتۆبەر , یەکێك لە سیٚ شۆڕشە مەزنەکانی سەردەم ( ئۆکتۆبەر – چین – فەرەنسا) , کاریگەری گەورەی لەسەر ڕەوتی مرۆڤایەتی دانا , زۆر دەسکەوت و بەهای بۆ مرۆڤایەتی بەجیٚ هێشت , لە سایەی ئەو سیستەمە سیاسی – کۆمەلاٌیەتی – ئابورییەدا , مرۆڤەکان لە دایك بونەوە تاکو مردن ژیانیان دابینکرا لە هەموو ڕووەکانەوە .

هاوکات نەبوونی دیموکراسییەتی سیاسی و ئازادییە تاکەکسییەکان , گەندەڵی حیزبییە بالاٌکان , نەبوونی نەخشەو پلانی ئابوری ژیرانە , گەورەترین کەلێن بوون لەم شۆڕشەدا , بەرەو پوکانەوەی برد .

خەڵکی ولاٌتانی سۆڤیەتی جاران , پاش هەڵوەشاندنەوەی ولاٌتەکەیان زیان مەندی یەکەم بوون , ئەمڕۆ بە ملیۆنان کەس لە کوچەو کۆلاٌنەکان دەخەون , لە بەر سەرمای ئەو ولاٌتە , ناتوانن بچنە نەخۆشخانە , بۆ ژیان لەش فرۆشی دەکەن , بە دەست ئایدزەوە دەتلێنەوە , لە بازاڕی کۆیلەداری سەرمایەدا دەفرۆشرێن , لە ڕابردوودا هیچ لەم دەردو ئافاتانە لەو کۆمەڵگایەدا نەبوو .

لە هەنگاوی بە تایبەتیکردنی ئابوریدا ڕوسیا دا , زیانی **3** ترلیۆن دۆلار لە ئابوری ئەم ولاٌتە کەوت , گەورەترین دزی لە مێژووی مرۆڤایەتی لەم ولاٌتە ئەنجامدرا , لە لایەن پاڵەوانەکانی دیموکراسی .

ئەمڕۆ دوای **88** ساڵ , بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەم ولاٌتە, ڕۆژی **7-11** پشووی فەرمی نەبوو . بۆیە خۆپیشاندانەکانی ئەمڕۆی ڕوسیا , داواکردنی گەڕانەوەی **7-11** وەك ڕۆژی پشووی فەرمی , داخوازی یەکەمی ئەو سەدان هەزار کەسە بوو , بە پانایی و درێژایی ڕوسیا , لە زیاتر **1000** خۆپیشاندانداندا , ئەمڕۆ ڕژانە سەر شەقامەکان .

لە ڕاپرسییەکدا **42**٪ خەڵکی ڕوسیا , پێیان وایە **7-11** ڕوداوێکی گرنگە و دەبێت گرنگی زیاتری پیٚ بدرێت .

له خۆپیشاندانی ئەمڕۆی مۆسکۆ , زیاتر له 25000 کەس بەشداری خۆپیشاندانەکانیان کرد , تا درەنگانێك شەقامی سەرەکی شاریان کۆنترۆڵ کرد , دەسکە گوڵیان لەسەر گلکۆی لینین دانا .

خۆپیشاندەرانی ئەمڕۆ داوای ئەوەیان کرد , 7-11 وەك ڕۆژی پشوو بگەڕێتەوە, کە ئەمساڵ 4-11 کرا بە ڕۆژی پشووی یەکێتی گەل . هەروەها نابێت دەست له گلکۆی لینین بدرێت , کە ماوەیەکە ڕاستڕەوەکان داخوازی ناشتنی تەرمەکەی لینینن , بەڵام پۆتین هوشیاری دا پێیان کە ئەمە یەکێتی گەل تێك دەدات , خۆپیشاندەران داوای ئەوەشیان کرد داس و چەکوجی سەر ئارمی سەرکەوتن نابێت لابدرێت , دژ بە تایبەتیکردنی زەوی و سامانی ژێر زەمینی دروشمیان دا , داوای بیمەی تەندروستی و خوێندن کرێی زیادەیان کرد .

له شاری کیفی ئۆکرانیاش, زیاتر لە 10000 خۆپیشاندەر , یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەریان بەرز ڕاگرت , بە خۆپیشاندانەوە چونە سەر تیمسالی لینین .

ئەمساڵ له کاتێکدا یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکرێتەوە , له ڕۆژئاوا سستەمی سۆسیال و بیمەی تەندروستی و پەروەردە بەرە هەڵوەشاندنەوە دەچێت , ڕۆژ له دوای ڕۆژ هەژاران هەژارتر و ژمارەی دەوڵەمەندانیش زیاتر دەبن , بێکاری پەرە دەگرێت . له هەر دەقەیەکدا 3 کەس له برسان گیان دەبەخشێت , له بەرامبەریشدا کۆمپانیایەکی وەك شەل پارساڵ له سەعاتێکدا 3 ملیۆنی دەست کەوتووە , کە ئەمساڵ قازانجی 67٪ چووەتە سەر .

ئەمەریکای لاتین له ڕۆژانی ڕابردوو بووە یەك پارچە ڕاپەڕینی هەژارانی ئەم کیشوەرە , کە بەشی زۆری خەڵکەکەی له هەژاریدا دەژێن , له هەموو کات زیاتر بیرو باوەڕەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەم کیشوەرە گەشەی کردووە , وێنەی جیفارای دڵسۆزی پەیامەکانی ئۆکتۆبەر له هەموو کۆبونەوەو دانیشتنەکاندا ئامادەیە , شەقام , سەر سفرە , قوتابخانە ...... , هەر لێرەوە بازاڕی یەکگرتووی هەردوو ئەمەریکا کرا بە خەون . ئەمەریکا دەیەوێت دەرگای بازاڕی بۆ بخەنە سەر پشت , بەڵام خۆی دەست له پشتگیری کەرتی کشت و کاڵ هەڵنەگرێت .

ئێمە ئەمساڵ له کاتێکدا یادی ئەم شۆڕشە بەرز ڕادەگرین , نابێت ئەوەمان له یاد بچێت , لەماوەی ئەم 88 ساڵەدا جیهان زۆر گۆڕاوە , دیکتاتۆری پرۆلیتاریا , ناوەندی دیموکراسی , سستەمی تاك حیزبی , کودەتای سەرچلانە , پەرلەمانی کارتۆنی , سەرکردەی تا مردن , واتا پەرستی خۆ بەستنەوە بە پەرتووکەکانەوە , سەردەمیان تێپەڕیووە و ناگەڕێنەوە , ئەوانەی خۆیان بەو بەهایانەوە دەبەستنەوە , له پەراوێز بوون و پوکانەوە زیاتر , له داهاتوودا بەشیان هیچی دیکە نابێت .

با هەموو پێکەوە بۆ چەپێکی نوێ , سۆسیالستێکی دیموکراتیك , یەکسانیخوازی ئازادیخواز , موتوربە بە دەسکەوتە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی ئۆکتۆبەر , له دابینکردنی ژیانێکی شەرافەتمەندانە بۆ هەمووان تێبکۆشین .

---

ئیلاف 7-11

سایتی پارتی کۆمۆنیستی روسی